**لەنێوان من و تۆ و ....**



ئیلهام مورادی

ئەدوێم لە جوانیت
باڵاتر ئەبێ لە سەر زمانم
هەندێ جوانی
بێدەنگە تابلۆیەک.

کاتێک ئەڕوانی
لە ئاوێنەی داهاتوو
من لە پشت پەردەی چاوەکانتدا
ئەبینم خۆم
خەیاڵمە ئەو مرۆڤە
ئەیکەیتەوە کۆ.

کاتێ ئەبینی ژیان
وەک هەنارێ تژ لە خوێن،
یادەوەرییەکە هەر دانەیەکی
دڵتەنگییە
پرسیارێکی بێ وەڵامە هەر دانەیەکی.

دانەیەکین هەمووومان لە ناو هەناری ژیاندا

دەژین
دەشکێین
دەکەوین لە یەکدی
دەمێنینەوە وەک سێبەرێ لە ناو دڵێکدا.

کاتێ ئەکا ئاڵۆز ڕووخساری ئەڤین
ئەوا پەرێشانە زوڵف
ئەسیرە خەیاڵ
ڕێگایەکی ڕاست نییە
عەشق
کۆڵانێکی ونبوونە مرۆڤ تێیدا.

بینیو ئازار لە ناو چاوەکانت
کاتێ کردم پرسیارێ
بۆچی دەخۆشێت، مرۆڤ؟

عەشق
ئەوە نییە، نزیک بێ کەسێ،
دووری بکاتە نزیکی عەشق.

کاتێ ئەکەی گاڵتە خۆشییەکانی ڕۆژ
شاراوەییەک لەنێو پێکەنینتدا مەڵاسداوە خۆی.

حەشار بدە نیگاکانت بە قاچاغی
تا یار
هەست بە بێهیواییەت نەکا؛

له نێوان تۆ و من و یاردا
وجوودێ هەس
ئەفسانەیەک هەس
خۆش خوانییەک هەس
کاتێ ئێژم من
له تۆشدا هەیه بەشێک
تۆ که دەڵێیت "تۆ"،
له منیشدا هەیه شوێنێ
کاتێ ئێژین یار
واتا نۆشینی سۆز.

سنه
ئیلهام موڕادی